شۆڕشی ئەیلوول شۆڕشی هەموو کورد و کوردستانییان بوو (ئاشوری، کلدان، تورکمان، عەرەب... هتد)

پۆلێک پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول

شۆڕشی ئەیلوول ئاسۆی قۆناغێکی ڕزگاری لەنێو تەلبەندی ستەمکاری دوژمناندا

سامان حەمەدەمین/شەقلاوە

پێناسی سەرەتاکانی هەڵگیرساندنی شۆڕشی مەرنی ئەیلوول هەمەلایەنەو گشتگیرە، لەناوچاری و کتووپڕ نەبووە بەڵکو هەڵگری ڕابردوویەکی پڕ لەبیروباوەڕی پتەوی جەماوەرو ئامادەیی سیاسی چین و تویژەکانی نێو کۆمەڵی لەپشتەوەبووە بۆ بەرگری و پارێزگاری لەئایندەی دۆخە جیاوازەکانی کەدووژمنان ڕوبەڕووی گەلەکەمانیان دەکردەوە، ئەویش بەهۆی ئەو ڕابردوودی پارتی دیموکراتی کوردستان لەنێو قولایی جەماوەر دروستیکردبوو.

ئەگەر شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بەشۆڕشێکی پارتێکی سیاسی کوردستان بزانین دیدبینمان کورت و سنوودارەدەکەین، بەڵکو بەهۆی نەپسانەوەی خەباتی بارزانی نەمرو هەڤالانی لەسۆڤیەت و پەیوەندی بەردەوامی نێوانیان لەگەڵ کوردو کوردستان هێزە جیاوازە سیاسی و شۆڕشگێڕەکانی پارتی و پارێزگاری لەکایە سیاسیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەنێو جەماوەر شوناسێکی بەخەباتی کورد بەخشی کەمێژوو بسەلمێنێ بەهەموو ئەو ستەمکارییەی دوژمنان دەرهەق بەگەلەکەمان دەکەن چینێکی بەبیروباوەڕو نەیارێکی هەیە ڕێگریێت لەزوڵمی و پێشێلکارییەکانیان، کاریگەری ئەم هێزو بیروباوەڕەش بەتەنها لەچەند شارێکی کوردستانی نیە، بەڵکو ناوبانگ و ڕۆڵی کەسایەتی سەرکردەو بارتێکی کوردستانی و سەرتاسەرییە کەبارزانی نەمر ڕابەرایەتی کردووە بۆنەتەوەیەک لەهەر کوێیەک و هەرچۆنێکبێ، چونکە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕابردووەی بەرلەهەڵگیرساندنی شۆڕش یەکخراوبو بەتەنها بۆ بەرگری لەمانەوە نەبووە بەڵکو بۆناچاری و ڕێککەوتن و دانانی سنورێکی بنەڕەتی بوو بۆ دوژمنان هەموو ئەو هۆکارانە مانای شۆڕش و خەباتکردنی لەچوارچێوەی هەرتمێکی کوردستانی گواستنەوە نێو گەل و وڵاتە جیاوازەکان لەهاوسۆزی و هاوپەیمانیێن لەگەڵ دۆخی سیاسی گەلەکەمان، بۆیە دەشێ بەهەموو پێوەرو بنەماکانی سەرەتاو ئەنجامەکەی شۆڕشی ئەیلوول بڵێین جیهانی سیاسی و مێژویی بووە لەپاڵ ئەو نەتەوەو گەلە چەوساوانەی هێزی داگیرکار دەیچەوسێنێتەوە، لەپێشەوەیان گەلی کورد، کەواتە تێکڕای بنەماکانی شۆڕش و هەڵگیرساندنی گشتگیرو هەمەلایەنەبووە، ئەمە هۆیەک بووە بۆ سەرکەوتن و هەڵگیرساندن و ملکەچی دووژمنان، هۆیەکی تری کاریگەرو ڕەنگدانەوەی بەسەرتێکڕای شۆڕشە جیهانی و گەلە چەوساوەکان هەڵکەوتەی جوگرافی ئەم شۆڕشەبووە کەدەدەروبەرێکی هاوپەیمان و هەماهەنگی نەبووە بەڵکو ڕێگرو تەنانەت نەیاری خواستەکانیشی بووینە و تەنانەت پێشێلکاری سەرجەم ئازادییە گشتیەکان و مافە مرۆیی و سیاسیەکانی بووە لەناوخۆی لەدەرەوە، بۆیە هۆیەک بۆ سەرکەوتن و قولکردنەوەی بیروباوەڕی نەتەوەیی بۆسەرجەم گەلی کوردمان بەرتەسک سەرباری گرفت و سەختی توانی هێزی دەوڵەتێک ملکەچ بکات دان بەماف و ڕێز لەداخوازییەکان بگرێت و مێژووی قۆناغێکی ڕزگاریخوازی بەداتووی ڕزگاری نەتەوەیی ببەخشێ ڕەنگدانەوەی بەسەر یەکەیەکەی تاکی کورد هەبێ بۆ گەشبینی ڕزگاری لەتەلبەندی ستەمکاری دوژمناندا.

ڕۆشنایی ڕەمەزان
1431 کۆچی
(29)

مەلاعومەری چنگنیانی

بانگامان لە هەژاران بێت

ڕەنگە لەرێگەی ئەم ستوونەوە نەتوانم دەست بخەمە سەر سەرجەم ئازارو ئەشکەنجەکانی کەم دەرامەتان ونەبوو و نەدارەکانی کوردستان، بەتایبەتی لەم کاتە ناسکەی بەرە جەژنانەدا، متمانەم بەوەیش هەیە، کە ئەوانەی دەتوانن لەم مەسەلەیەدا، ڕۆڵی باشیان هەبێت، بەرلەهەرکەس گەورە دەستەڵاتدارانی ووڵاتەکەم و ئەو زەنگینانەی کە تروسکاییەکی ترسی خوایی لەدەروونیاندا بەدی دەکرێت، لەبارودۆخەکەئاگادارن. هیوادارم ئەوەندە بزانین کە پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: (سەوگەند بەخوای گەورە هیچ سامانێک بەلێدەرکردنی بەشی هەژاران و بەیارمەتی دانیان، کەم ناکات)، ئەڵبەت وەک مۆعادەلەیەکی حسابی سەیری بکەن، دیارە کە ڕێژەیەک لە پارەکان، دێتە دەرەوە، بەڵام ئەمە لایەنێکی مەعنەوییە و بڕوادار باوەڕی پێ هەیەی و دەزانێ پێغەمبەر(د.خ)لەخۆوە ئەو وتەیەنابێژێت و دەکرێ لەلایەنی مەعنەوییەوە زیاد بکاتن و ببێتە هۆکاری دوور خستنەوەی دەرد و بەڵا و ئازار و ئەشکەنجەی چاوەڕوان نەکراو و نزای هەژاران بۆتان ببێتە قەڵغان. ئێمەی بڕوادار فەرمانی ئەوەمان پێ دراوە لەشەو و ڕۆژی جەژندا هەژارەکانمان لەوەبخەین، کە لە دەرگای ماڵان بدەن، چونکە وەک ئەرک لەسەرشانمانە و وەک دیاردەیەکی ناشیرینیشە و دەبێ هەوڵی ئەوەبدەین نەی هێڵێن، هەمولایەکیشمان دەزانین ئەولەدەرگا دانە، تەنها هەر بۆئەوەنییە نانیان نەبێت و بەس، بەڵکو بۆ هەموویێداویستییەکانە و هەربۆیەکە ئەبو حەنیفە(ر)دەفەرموێت: ئەگەر بەتەنها هەر پارە باش بوو بۆهەژاران، زەکاتی فیتر بەپارە بدەن، کە من پێشنیاری ئەوەدەکەم، لەگەڵ ئەوەی کەیەکێتی زانایانی ئایینی بەڕێز، بڕی دوو هەزارو پێنج سەد دیناریان داناوە بۆهەریەکێک، دەتوانن زیاتر بدەن و دەکرێ هەر چەند ماڵێک پێکەوە زەکاتەکە کۆبکەنەوە و هیچ نەبێ، ماڵهەڕاریێکی بۆ جەژن پێ ببووژێننەوە، هاوکات وشیاری ئەوەبن کە هەستیان نەروووشێن و دڵیان بریندار نەکەن.

www.chngiyani.com
ayinukomel@yahoo.com
ژمارە تەلەفوون (0662645794)

سەرنج بوو لەکاتی گێڕانەوەی بیرەوەری ئەو پۆلە پێشمەرگە ماندوونەناسانەی شۆڕشی ئەیلوول چەند خاڵێک کۆبوونەوە، کە بۆ مێژوو پێویستە لەسەرمان بۆ نەوەکانی ئێستاو داهاتوو باس بکرێت و بمێنێتەوە، لەوانە:

1- لەماوەی یەک ساڵ پێشمەرگایەتی موچەی پێشمەرگە تەنها 5 دینار بووە، واتە 12مانگ بە 5دینار، جاری وا هەبووە ئەو 5دینارەش نەبووە.

2- سەرتاسەری کوردستان هەر لەزاخۆوە تاخانەقین و پێنجوین و شارەزوور و هەورامان پێشمەرگەکان بەپێ ئەو ناوچانەیان بڕیوە.

3- لەزۆربەی شەڕەکان لەکاتی دەستپێکردنی تاکۆتایی سەردەڕای نەبەردی و وەستان بەرامبەر سەربازانی داگیرکەرو دەبابەو تۆپ و تانک و فڕۆکەو بەوپەڕی ماندوونەناسانەو چاونەترسانە تاکۆتایی شەڕەکان خواردنیان تەنها نانەرەقەو ئاو بووە.

4- زۆربەی کاتەکان لەبەرنەبوونی شتیک کە ئاوی تێدابخۆنەوە، یان ئاوی پێ بێنن بۆ برادەرەکانیان لە لوتکەی شاخەکانەوە هاتوونەتە خوارەوە بۆ بردنی ئاو بۆ هاوڕێکانیان، لەناو پێلاوەکانیان ئاویان خواردووەتەوە.

5- بە 14پێشمەرگە پارەی یەک دەستە گوێزانیان پێنەبووە کە بیکڕن تا ریشیان بتاشن.

6- لەکاتی مانەوەی پێشمەرگەکان لە سەرجەم گوندەکانی کوردستان پێشمەرگەکان دابەش بوون بەسەر ماڵەکاندا و پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێز بووە لەنێوانیاندا، ماڵەکانیان بەماڵی خۆیان زانیوە.

7- ناوی پێشمەرگە ئەوەندە بەرز و بەڕێز و پیرۆز بووە، زۆربەی ئەو لاوانەی پەیوەندیان بەشۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە، تەمەنیان منداڵ بووە، کە هەندێکیان تەمەنیان لەنێوان 10بۆ 12ساڵ بووە.

ژمارەی تەلەفۆنە پێویستەکان

• **پایتەخت** (کۆدی هەولێر: **066**)
ئاسایشی هەولێر: (2220230-2225183)
پۆلیسی فریاکەوتن: (144-134-124-104)
بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ: (2230292)
بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر: (22232968)
بگۆڕی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر: (2221001)
دادگا: (2230348)
بنکەی ئاگرکوژێنەوە وبەرگری میللی: (066115)
مۆبایل: 125115
چاککردنەوەی کاربا (صیانە): (2223375)
چاککردنەوەی تەلەفۆناتی هەولێر: 2238001-4569103
فەرمانگەی تەندروستی:
بگۆڕی نووسینگەی سەرۆکی هەرێم (4441008)
بگۆڕی پەرلەمانی کوردستان: (2230242)
بگۆڕی ئەنجومەنی وەزیران: (2231905)
بگۆڕی وەزارەتی پێشمەرگە: (2241977)
بگۆڕی وەزارەتی دارایی و ئابووری: (2230251)
بگۆڕی وەزارەتی پیشەسازی وبازرگانی: (2273911)
بگۆڕی وەزارەتی: (2245506)
بگۆڕی وەزارەتی گەیاندن: (2230272)
بگۆڕی وەزارەتی کاربا: (2272213)

نەخۆشخانەی رزگاری: (2273883-2273885-2272689-2273882-2271518-2271516)
نەخۆشخانەی لەدایکبوون: (2222465-2240066)
نەخۆشخانەی راپەڕین: 2240089 2243452
نەخۆشخانەی فریاکەوتن: (122)
نەخۆشخانەی ئیمرجنسی: (24911-4635)
نەخۆشخانەی زانیاری: (2230607)
نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژهەڵات: (2274011)-(2274012)-(2274013)
نەخۆشخانەی هەولێری تایبەت: (147-128)
نەخۆشخانەی کۆماری: (154-155)
نەخۆشخانەی ژینی تایبەت: (2232144)
نەخۆشخانەی نانەکەلی: (2548301)
ناحیەی عەینکاوە: (2251100)
هۆڵی میدیا: (2230275)
بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی هەولێر: (2230287)
(2230364)
لیژنەی بەدواداچوونی مولیدەکانی هەولێر: (07504680268)
بگۆڕی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار: (2220422)
بگۆڕی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان: (2272791)
بگۆڕی وەزارەتی ئەوقاف: (2222751)
بگۆڕی وەزارەتی تەندروستی: (2238015)
بگۆڕی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی: (2238014)
بگۆڕی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری (2226116)
بگۆڕی سەرۆکایەتی زانکۆ: (2224122)

هۆڵی گەل: (2230274)
زانکۆی سەلاحەدین: (2224122)
سەتەلایتی کوردستان: (2231947 پیرمام)- (2231704 هەولێر)
زاگرۆس tv: 2230979-2230911-
نەورۆز tv: (2230593)
زانکۆی هەولێری پزیشکی 2273384
رادیۆی دەنگی کوردستان: (4456262)
مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن: (2230228)
پارێزگای هەولێر: (2230118)
بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر: (2552213)
کۆمپانیای دروستکردنی دانەوێڵەی هەولێر (4459679)

• **سۆران**
پۆلیسی فریاکەوتن: (128)
ئاسایش: (066-3220408)
نەخۆشخانە: (066-3220710)
ئاگرکوژێنەوە: (115 یان 125)
وێستگەی کاربا: (066-3220371)
هاتووچۆ: (066-3503262)

بگۆڕی شەقلاوە: (06672520000)
بگۆڕی سۆران: (066-3502625)
بگۆڕی خەلیفان: (066-3505770)
بگۆڕی چۆمان: (066-3507173)
بگۆڕی ڕواندز: (066-3507576)
بگۆڕی مێرگەسۆر: (066-3507350)

• **کەرکووک** (کۆدی کەرکووک: **050**)
بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکووک: (212444)
بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکووک: (07507694545-07701296565)
بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی فریاکەوتن: (217195)
بنکەی پۆلیسی میقداد: (462865)
بنکەی پۆلیسی عەرەفە: (217069)
بنکەی پۆلیسی رحیماوە: (217069)
بنکەی پۆلیسی قوریە: (212071)
بنکەی پۆلیسی داقوق: (650006)
بنکەی پۆلیسی دووبس: (0507-32007)
بنکەی پۆلیسی پردێ: (0507-72445)
نەخۆشخانەی ئازادی: (211621)
نەخۆشخانەی کەرکووک: (212223)
لقی ٣ پارتی دیموکراتی کوردستان: (220211)

• **چەمچەماڵ** (کۆدی: **897**)
پۆلیسی چەمچەماڵ (8970005)
شارەوانی (8970009)
بەرگری شارستانی (8970020)
صیانەی کاربا (8970006)
لقی (19) پارتی (8970796)

• **سلێمانی** (کۆدی سلێمانی: **053**)
ئاسایشی فریاکەوتن: (3123544)
ئاگرکوژێنەوە: (115)
بەڕێوەبەرایەتی ئاگرکوژێنەوە: (3126977)
بەڕێوەبەرایەتی کاربا: (3130169)
پارێزگا: (3124060)
شارەوانی: (3122311)
نەخۆشخانەی فریاکەوتن: (3270511)
زانکۆی سلێمانی: (3270915)
زاگرۆس tv: (3235324)
ن.کوردستان tv: (3290600)
کوردسات: (3134220)
تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان: (07701956075)
دەنگی گەلی کوردستان: (07703556294)
پەیمانگای تەکنیکی: (3180122)

• **هەڵەبجەی شەهید** (کۆدی هەڵەبجە: **885**)
بگۆڕ: (8851002)
شارەوانی: (8851219)
نەخۆشخانەی گشتی: (8851206)
بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش: (8851195)

• **ئاکرێ**
قایمقامیەتی ئاکرێ: (6220002)
بگۆڕی ئاکرێ: (6222001)
فریاکەوتنی ئاسایشی ئاکرێ: (6221096)
نەخۆشخانەی ئاکرێ: (6221388)
فەرمانگەی کاربا: (6220701)
پۆلیسی ئاگرکوژێنەوە: (6220663)
ئاسایشی ئاکرێ: 62221443-62216669

• **دهۆک** (کۆدی دهۆک: **062**)
ئەفسەری نۆبەدار: (7221708)
پۆلیسێن هەوار هاتنی: (7221707)
ئەفسەری نوبەدار(ئاسایش): (7221820)
هێزا ئامادە پولیس: (7225152)
بنگەهێ ئاگرڤەمراندنی- دهوک: (115)
بنگەهێ ئاگرڤەمراندنێ ل سەرسنگێ: (7617468)
بنگەهێ ئاگرڤەمراندنێ ل بامەرنێ: (5224205)
بنگەهێ ئاگرڤەمراندنێ ل ئامێدیێ: (5220051)
بنگەهێ ئاگرڤەمراندنێ- زاخو: (115)
بنگەهێ ئاگرڤەمراندنێ- سێمێلێ: (0627626523)
بنگەهێ ئاگرڤەمراندنێ- باتێلێ: (7460015)
نەخوشخانا تەنگاڤیا- دهوک: (7612561)
نەخوشخانا ئازادی- دهوک: (7221737)
چاپخانا خەبات: (7221479)
ن- سەتەلایتا کوردستان- دهوک: (7222430)
رادیویا کوردستان- دهوک: (7241647)

• **ئامێدی**
بەرگری شارستانی: (103)
اسعاف: (105)
قایمقامیەتی ئامێدی: (5220048)
بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش: (5220053)
بەڕێوەبەرایەتی پولیس: (5220024)
لقی 18ی «پ.د.ک»: (5220582)

شایان (٩/٢٣- ١٠/٢٢)
متمانە بە هەرکەسێک مەکە چارەنووست مەخەرە مەترسییەوە ..ئەگەر لەبواریکدا شارەزاییت نەبوو پارەی تیادا وەبەر مەهێنە.

دووپشک (١٠/٢٣- ١١/٢١)
بۆ سەڵتەکانئەمرۆ باشترین کاتە بۆ و ئەنجامدانی پرۆژەی هاوسەرگیری ..ئاگاداری خۆت بە لە رووداوی ئۆتۆمۆبێل.

کەوان (١١/٢٢- ١٢/٢١)
پەیوەندیت بە خۆشەویستەکەتەوە بەرەو خراپی دەچێت ئەگەر چارەسەری ناکۆکییەکانتان نەکەن پەیوەندییەکەتان بەرەو هەڵدێر دەڕوات.

گێسک (١٢/٢٢- ١/٢٠)
ئەمرۆ باری دارایيت باشتر دەبێت و هەندێ قازانجی چاوەڕوان نەکراوت پێدەگات ..با پارە بەریەست نەبێت لە بایەخدان بە خێزانەکەت.

گۆزە (١/٢١- ٢/١٨)
رووبەرووی تاقیکردنەوەیەکی سەخت دەبیتەوە بەلام دەرەنجامەکەی لە بەرژەوەندی تۆدا دەبێت ..شێوازی مامەڵەکردنت لەگەڵ هاوکارانتدا بگۆڕە

نەهەنگ (٢/١٩- ٣/٢٠)
راستگۆیی لەقسەو کردارەدا سەرکەوتووت دەکات کەسانی دەورو بەرت زیاتر متمانەت پێدەکەن ..ئاگاداری تەندروستی خۆت بە.